سەرۆک کۆمار سەرخۆشی لەکۆسوکاری قوربانیانی رووداوی ئاگرکوتنەوەکەیندۆشخانەی منداڵبون لە پارێزگای دیوانیە دەکات



عەبدوللەتیف جمال رەشید سەرۆک کۆمار،سەرخۆشی لەکۆسوکاری قوربانیانی رووداوی ئاگرکوتنەوەکەی نەخۆشخانەی منداڵبون لە پارێزگای دیوانیە کرد.

سەرۆک لەڕاگەیەندراوەکدا رایگەیاند"پرسە و سەرخۆشی دەسەزانمان ئاراستەی کۆسوکاری قوربانیانی رووداوی ئاگرکوتنەوە ئازاربەخشەکەی ناو نەخۆشخانەی منداڵبون لە پارێزگای دیوانیە دەکەین، کە تێیدا ژمارەیەک منداڵ بونە قوربانی و ژمارەیەکی دیکەش بریندار بون".

وتیشیە"لەکاتکدا جەخت لەسەر پێویستی بەدواداچوون بۆ ڕوشونی سەلامەتی و خەپارێزی لە نەخۆشخانەکان و سەرجەم دامەزراوەکانی دەوڵەتدا دەکەینەوە، داوای لێپرسینەوە لەو کەسانەش دەکەین، کە کەمتەرخەم بون و پێویستە هەنگاوی کاریگەر بنرێت بۆ ڕێگریکردن لە دوبارەبونەوەی ئەو جۆرە رووداوانە".